له بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# حوکمی ڕەش کردنەوەی

# ((مووی سپی))

# له ڕۆشنایی قورئان و سوننەتەوە

نور الشيب

وحكم تغييره في ضوء الكتاب والسنة

**نوسینی**

سعيد بن علي بن وهف القحطاني

**وەرگێڕانی / زریان سەرچناری**

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

**ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.**

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو كتێب و بابەت و لێكۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەكاتەوە كە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاكردنی موسوڵمانان و پەروەردەكردنیان لەسەر رێگا ڕاستەكەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەكەی ئیسلام،كە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاك كردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەكانی شیرك و كوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەكردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەكان.

٤. وریا كردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەكان.

٥. پتەو كردنی برایەتی یەكی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەكەی ئیسلام و نەهێشتن و كەمكردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناكردنی كۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستكردنی تاك و كۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەكانی كە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشكراكردنی ئەو شتانەی كە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەكانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاكار و پەروەردە و زانست و پزیشكی و گەشەی كۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەكەین دامەزراومان بكەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر كار وگوفتارێكی جوان وچاك بەو شێوەیەیی كەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بِسْمِ اللهِ الرّحمنِ الرّحيمِ

# پێشەكی

إن الحمد لله، نحمده، ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدًا عبده ورسوله، صلى الله عليه وعلى آله، وأصحابه، ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين، وسلم تسليمًا كثيرًا. أما بعد:

**ئەمە چەند وشەیەكی كورتە كە فەزڵی سپی بونی سەروریشم تیا ڕونكردۆتەوە لە ئیسلامدا، وە ئەو فەرمودانەم هێناوە كە حوكمی ڕەنگ كردنی موی سپی تێدایە بەڕەنگی ڕەش، یا بەخەنە یا بەڕەنگی زەرد، وە گوتەی هەندێك لە زانایانیشم باسكردووە لەو بارەیەوە، بۆ ئەوەی حەق و ڕاستی ڕون بكەمەوە دەربارەی ئەو مەسەلەیە بۆ ئەوكەسەی كە خوازیاری شوێنكەوتنی حەق و ڕاستییە، وە بۆ ئەوەی ڕون ببێتەوە كە گوتەی هیچ كەسێك وەرناگیرێت كە پێچەوانەی گوتەی پێغەمبەری خوا بێت(ﷺ)، چونكە پێویستە لە سەرمان كە شوێنی سوننەتەكانی بكەوین، هەرچەندە ئەم و ئەویش پێچەوانەی بن، لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت:**﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُواْ وَاتَّقُواْ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾[الحشر: ٧]. **داواكارم لە خوای گەورە كە ئەم كارەم تەنها لەبەر ڕەزامەندی خۆی بێت، وە سودمەندی بكات بۆم لە ژیان و لە دوای**

مردنیشم، وە ببێتە مایەی سود بۆ هەرکەسێك دەیخوێنێتەوە، خوای گەورە هەرخۆی باشترین بەرپرس و چاکترین هیوایە، خوای گەورە هەرخۆی پشت و پەنامان بێت و خوامان بەسە بۆ ئەوە.

وصلى الله وسلم على عبده ورسوله الأمين نبينا محمد وعلى آله وأصحابه أجمعين.

سعيد بن علي بن وهف القحطاني

نوسرا لە ڕۆژی سێ شەممە

بەرواری (١٤١٩/٣/٢٧)ك

بەرامبەر (١٩٩٨/٠٧/٢١)ز

## ئەو فەرمودانەی كە دەربارەی مووی سپی و حوكمی ڕەنگ كردنەوەی هاتوون زۆرن لەوانەش:

١- لە(عَمرو ی كوڕی شُعَیب)ەوەﷺ لە باوكیەوە ئەویش لە باپیرەیەوە، گوتویەتی پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی كردووە كە تاڵە سپیەكانی سەرو ڕیش هەڵبكێشرێت، و فەرمویەتی:( إِنّهُ نورُ المسْلِمِ )(١).

واتا: (مووی سپی نورو ڕۆشنایی موسوڵمانە).

٢- وە لە( كَعب ی كوڕی مُرّة) وەﷺ، گوتویەتی لە پێغەمبەرم بیستووە(ﷺ)كە دەیفەرمو: (مَنْ شابَ شَيبةً في الإسلامِ كانَتْ لَهُ نورًا يومَ القيامَةِ) .(٢)

واتا: (هەركەسێك لە ئیسلامدا یەك تاڵ مووی سپی ببێت، ئەوە بۆی دەبێت بە نور لە ڕۆژی قیامەتدا).

٣- وە لە(عَمرو ی كوڕی عَبَسَة)وەﷺ دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ)فەرموی: ( مَنْ شابَ شَيبةً في سَبيلِ اللهِ كانَتْ لَهُ نورًا يومِ القيامةِ ).(٣)

واتا:( هەركەس لە ڕێی خوادا (تەمەنی بەسەر بەرێت) یەك تاڵ مووی سپی ببێت، ئەوا ئەو تاڵەمووە بۆی دەبێت بە نور لە ڕۆژی قیامەتدا).

٤- هەر لە(عَمرو ی كوڕی شُعَيب)ەوەﷺ لە باوكیەوە ئەویش لە باپیریەوە كە( عَبدالله ی كوڕی عَمرو) گوتویەتی پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی: (الشَّيْبُ نُورُ المؤْمِنِ، لَا يَشِيْبُ رَجُلٌ شَيْبَةً فِي الإِسْلامِ؛ إِلَّا كَانَتْ لَهُ بِكُلِّ شَيْبَةٍ حَسَنَةٌ، وَرُفِعَ بِهَا دَرَجَةٌ) (٤).

واتا:( مووی سپی نوری ئیمانداره، هەر پیاوێك لە ئیسلامدا چەند تاڵ مووی "سەروڕیشی" سپی ببێت، ئەوا بە هەر تاڵێكی، چاكەیەكی بۆ دەنوسرێت، وە ڕێزی پلەیەك بەرز دەبێتەوە لەلای خوای گەورە).

٥- وە لە(أَبو هُرَيْرَة) وەرضي الله عنه، ئەم فەرمودەیە( ڕەفع ) دەكات بۆ پێغەمبەر(ﷺ)كە فەرمویەتی: (لا تَنْتَفوا الشّيبَ؛ فَإِنّهُ نورٌ يومَ القيامةِ، وَمَنْ شابَ شَيبةً في الإسلامِ، كُتِبَ لَهُ بِها حَسَنَةً، وَحُطّ عَنه بِها خَطيئةً، وَرَفَعَ لَهُ بِها دَرَجَةً )(٥).

واتا ( مووی سپی – سەرو ڕیش و برۆو سمێڵتان – هەڵمەكێشن، چونكە ئەو تاڵەسپیانە بۆتان دەبنە نور لە ڕۆژی دواییدا، وە هەركەسێك لە ئیسلامدا یەك تاڵ مووی سپی ببێت، ئەوا چاكەیەكی بۆ دەنوسرێت، وە سزای تاوانێكی لەسەر لادەچێت، وە ڕێزیشی پلەیەك بەرز دەبێتەوە).

ئیتر لەم بارەیەوە فەرمودەی زۆرمان هەیە، لە ( ٥٥ ) هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) زیاترەوە گێڕدراونەتەوە، بەو پێنج فەرمودەیەی سەرەوەو ئەوانەی تریش كە هاو واتای ئەوانن، فەزڵ و چاكەی مووی سپی مان بۆ ڕون دەبێتەوە كەنابێت

هەڵبكێشرێت، وە نورو ڕێزی موسوڵمانە، چونكە ئەو ڕێزە وا لەموسوڵمان دەكات كە لە لوت بەرزی و هەرزەیی دور بكەوێتەوەو زیاتر بەرەو گوێڕایەڵی خوای پەروەردگارو تەوبەكردن بڕوات و دەست لە ئارەزوەكانی هەڵبگرێت، ئەمەش دەبێتە مایەی دروست بونی نورێك بۆی كە بەردەمی بۆ ڕوناك دەكاتەوە لە كاتی تاریكایی ڕۆژی مەحشەردا، تاكو دەبێتە ڕێ نیشاندەری بۆ چونە ناو بەهەشت (٦)، بەم شێوەیە موی سپی دەبێتە نورو ڕێ نیشاندەر بۆ خاوەنەكەی لە ڕۆژی قیامەتدا، هەرچەندە سپی بونی موو بە هەوڵی بەندەكان بەدەست نایەت، بەڵام جاری وا هەیە بە هۆی لە خواترسان و جیهاد و ئەو كارانەوە پیاو موی سپی دەبێت، بۆیە لە ئیسلامدا هەر وا دادەنرێت كە ئەو سپی بونە لە پێناوی خوای گەورەدا بەدەست هاتبێت، لەبەر ئەوە هەڵكێشانی دروست نییە، ئیتر لە ڕیشدا یا لەسمێڵدا یا لە چەناگە یان لە برۆدا بێت.

ئیمامی ( نَوَوي ) گوتویەتی: ئەگەر بگوترێت هەڵكێشانی حەرامە ئەو حوكمە دور نییە لە ڕاستیەوە (٧)، وە هەركەس ڕەنگی ئەو تاڵە سپیانە ڕەش بكات، ئەوا نابێتە خاوەنی ئەو نورەی كە پێغەمبەر(ﷺ)باسی كردووە هەتاكو تۆبەی لێ نەكات (٨) چونكە ئەو مووە سپییە دەبێتە مایەی نورو چوون بەرەوكاری خێر، ئیتر لە ڕۆژی حەشریشدا دەبێتە ڕوناك كەرەوەیەك بۆ موسوڵمان و بەردەمی ڕوناك دەكاتەوە لە ناو تاریكایی مەحشەردا (٩)، ئیتر ئەم پلەو پایەیە تەنها

بەتاڵە مویەكی سپیش بەدەست دێت، بۆی دەبێتە ڕۆشنایی و مایەی ڕزگار بوون لە ڕاوەستان و ناخۆشیەكانی ئەو دنیای. (١٠)

ئەم مژدە خۆشانەش موسوڵمان هان دەدات كە دور بكەوێتەوە لە هەڵكێشانی تاڵەموە سپیەكانی( سەرو ڕیش و برۆو سمێڵ )ی، لەوەش خراپ تر ڕەنگ كردنێتی بەڕەنگی ڕەش، چونكە ڕەنگ كردنی بە ڕەنگی ڕەش، پێغەمبەرمان(ﷺ)نەهی لێكردووە و ئاگاداری كردوینەتەوە لێی.

٦ – لە (جابِر ی كوڕی عَبدُ الله)ﷺ وە، دەڵێت: ( لە ڕۆژی فەتحی مەككەدا ( ابو قُحافة )ی باوكی ئەبوبەكری صدیق یان هێناﷺ سەرو ڕیشی وەك (ثُغامة)واتا وەك كلوی بەفر سپی ببو، ئیتر پێغەمبەر(ﷺ)فەرموی: (غَيِّروا هذا بِشيءٍ واجْتَنِبوا السّوادَ )(١١).

واتا: ( ئەو ڕەنگە سپیەی بگۆڕن بە شتێك، بەڵام نەكەن بە ڕەش ڕەنگی بكەن). وشەی ( ثُغامة ) واتای زۆرە، لەوانە ڕووەكێكە گوڵی سپی دەگرێت، وە بەرەكەیشی هەر سپیە، بۆیە چوێنراوە بە سەرو ڕیشی سپی، وە گوتراویشە ناوی درەختێكە كە وەكو بەفر یان وەكو خویّ سپییە(١٢)، وە كە پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێت: (غَيِّروا هذا بِشَيءٍ) ئەمە فەرمانێكی پێغەمبەرە(ﷺ)بۆ گۆڕینی ڕەنگی موی سپی، ئەمەش كۆمەڵێك لە جێنشینان و هاوەڵان گوتویانە،

بەڵام كەسیان نەیان گوتووە ئەم فەرمانە بۆ واجب بوونە، بەڵكو تەنها خوازراوە واتا(مُستَحَب)ە (١٣).

ئیمامی ( قُرطُبي ) ڕەحمەتی خوای لێبێت، گوتویەتی: ئەوەی كە هەندێك كەس دەڵێن پێغەمبەر(ﷺ) هەرگیز سەرو ڕیشی ڕەنگ نەكردووە، ئەوە گوتەیەكی ڕاست نییە ( لَيْسَ بِصَحِيحٍ )، بەڵكو بە صەحیحی بۆمان گێڕدراوەتەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ)كە سەرو ڕیشی ڕەنگ كردووە بە خەنە و ڕەنگی زەرد). (١٤).

لەوانەیە ئیمامی (قُرطُبي ) ڕەحمەتی خوای لێبێت ئاماژەی كردبێت بەم گوتەیەی خوارەوە .

٧- ( أبو رِمْثَةَ ) دەڵێت: ( أَتَيْتُ أَنَا وَأَبِي النَّبِيَّﷺ وَكَانَ قَدْ لَطَخَ لِحْيَتَهُ بِالْحِنَّاءِ)(١٥).

واتا: ( من و باوكم هاتین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، بینیمان خەنەی دابوو لە ڕیشی).

٨- هەر لە ( أبو رِمْثَةَ ) وە ﷺ، دەڵێت: (أَتَيْتُ النَّبِيَّﷺ وَرَأَيْتُهُ قَدْ لَطَخَ لِحْيَتَهُ بِالصُّفْرَةِ ) (١٦).

واتا ( هاتم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، بینیم ڕیشی بە ڕەنگی زەرد ڕەنگ كردبوو).

٩- وە لــە( زَيد ی کــوڕی أَسلَم )ەوە، دەڵێــت: ( رَأَيْتُ ابْنَ عُمَرَ يُصَفِّرُ لِحْيَتَهُ بِالْخَلُوقِ فَقُلْتُ يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ إِنَّكَ تُصَفِّرُ لِحْيَتَكَ بِالْخَلُوقِ . قَالَ إِنِّي رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يُصَفِّرُ بِهَا لِحْيَتَهُ وَلَمْ يَكُنْ شَيْءٌ مِنَ الصِّبْغِ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْهَا ) (١٧).

**واتـا ( ئیبنوعومـەرم بـینی ڕیشـی زەرد دەکـرد، منـیش گـوتم ئـەی بـاوکی عبــدالرحمن! ئــەوە ڕیشــت زەرد دەکــەیت؟ ئــەویش گــوتی ( پێغەمبــەرم بینیوە(ﷺ)کە ڕیشی زەرد کردوەتـەوە، وە هـیچ ڕەنگێکیشـی بـە ئەنـدازەی ئـەو ڕەنگە بەلاوە جوان نـەبووە). ئەمـە بەڵگەیـەکی کرداریـی پێغەمبـەرە(ﷺ)، بـەڵام بەڵگەی گوفتاریی ئەوا چەندین فەرمودەی صەحیح مان هەیە. لەوانە:**

١٠- **لە** ( أبو ذَر )**ەوە،** ﷺ، **گوتویەتی، پێغەمبەر(ﷺ)فەرموی:**( إِنَّ أَحْسَنَ مَا غَيَّرْتُمْ بِهِ الشَّيْبَ الْحِنَّاءُ وَالْكَتَمُ) (١٨).

**واتـا: ( باشـترین شـت کـە ڕەنگـی مـووە سـپیە کانتـانی پـێ بگـۆڕن، خەنـەو کەتەم)ـە ، کەتەم جۆرێکە لە ڕەنگ وەك ووسمە وایە، وە گوتراویشە ووسمەیە.**

١١- **لە** ( ابنُ عباس )**ەوە** ﷺ، **دەڵێت:** (مَرَّ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ رَجُلٌ وَقَدْ خَضَبَ بِالْحِنَّاءِ فَقَالَ :« **مَا أَحْسَنَ هَذَا** ». ثُمَّ مَرَّ رَجُلٌ بَعْدَهُ وَقَدْ خَضَبَ بِالْحِنَّاء وَالْكَتمِ فَقَالَ :« **هَذَا أَحْسَنُ مِنْ هَذَا** ». ثُمَّ مَرَّ آخَرُ قَدِ اخْتَضَبَ بِالصُّفْرَةِ فَقَالَ :« **هَذَا أَحْسَنُ مِنْ هَذَا كُلِّهِ**) (١٩).

واتـا ( کابرایـەك تێپـەڕی بـەلای پێغەمبـەردا(ﷺ) سەروڕیشـی خەنـە کردبـو، پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی " ئەی لـەوە چـەند چاکە" یـەکێکی تـر بەلایـدا تێپـەڕی، خەنەو ( کەتەم ) یشی بـەکار هێنـابوو ئـیتر پێغەمبـەرﷺ فـەرمووی " ئەمـە لـەوی پێشـتر چاکترە" وە یـەکێکی تـر بەلایـدا تێپـەڕی ڕەنگـی زەردی بـەکار هێنـابو، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی " ئەمە لە هەر هەموویان باشترە").

١٢ - لـە ( اِبنُ عمر )ەوە ﷺ، دەڵێـت: (كَانَ النَّبِيُّ(ﷺ) يَلْبَسُ النِّعَالَ السِّبْتِيَّةَ وَيُصَفِّرُ لِحْيَتَهُ بِالْوَرْسِ وَالزَّعْفَرَانِ وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يَفْعَلُ ذَلِكَ)(٢٠).

واتا (پێغەمبەر(ﷺ) نەعلی سیبتی – جۆرە نەعلێك بـووە – لـە پێـدەکرد، وە ڕیشی زەرد دەکرد بە وەرس و زەعفەران" ئیتر ئیبنو عومەر خۆیشی وای دەکرد. ( وەرس و زەعفەران دوو جۆر ڕەنگن ).

لە زانای پایەبەرز ( عبد العزيز بن عبد الله بن باز )م بیستوە (ڕەحمـەتی خـوای لێبێت )، گـوتی سـەروڕیش زەردکـردن لـە ئـیبن و عومـەرەوە گێڕدراوەتـەوە، لـە هەردوو کتێبە صەحیحەکەدا، وە لە (زەعفـەران ) کـردن جیـاوازە، بـۆ ڕیـش و سمێڵ و سەر، (٢١).

هەروەها گوێم لێبوو دەیگوت: سوننەت وایە کە بـۆ ڕەنـگ کردنـی سـەروڕیش خەنە یان ڕەنگی زەرد بەکاربێت، یان خەنەو ( کەتەم ) "(٢٢).

وه ئیمامی ( قُرطُبِي) ڕەحمەتی خوای لێبێت، گوتویەتی: ( ڕەنگ كردنی موی سپی تەنها بەخەنە، یان بەخەنەو كەتەم پێكەوە دروستە، وه نابێ پێچەوانەی ئەم كارە بكرێت، چونكە فەرمودەی صەحیحی لە بارەوە هاتووە، بەڵام لەم بارەیەوە هەندێك لە زانایان گوتویانە: لەم فەرمانەدا ڕەچاوی دوو حاڵەت دەكرێت.

**یەكەم**: عادەت و نەریتی باوی ئەو شوێنەی لێی دەژی، ئەگەر نەریتیان وابوو كە خەڵك كەسی ڕەنگی بەكار نەدەهێنا بۆ گۆڕینی ڕەنگی موی سپی سەروڕیشی، ئەوا دەرچون لەو نەریتە شتێكی ناشرینەو باش نییە.

**دووەم**: جیاوازی مووی سپی لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر، هەندێك جار سەروڕیشی سپیوسۆڵ زۆر جوانترە لە ڕەنگ كراو، یان بەپێچەوانەوە، جا هەر كەسێك ڕەنگ كردنی سەروڕیشی لێهات ئەوە ڕەنگی دەكات، وه هەركەسیش لێی نەهات و ناشیرن بوو لێی، ئەوا وازی لێ دەهێنێت، وه ڕەنگ كردنی سەرو ڕیش دوو سودی هەیە:

**یەكەمیان** ئەوەیە كە موەكە پاك ڕادەگرێت لە تەپوتۆزو دوكەڵ.

**دووەمیان** ئەوەیە كە خۆ جیا كردنەوەیە لە گاورو جولەكە واتا( أَهْلُ الكِتابِ)، (٢٣).

١٣- لەبەر ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەری خواﷺ كە دەفەرموێت: ( إِنَّ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى لاَ يَصْبُغُونَ، فَخَالِفُوهُمْ )(٢٤).

واتا:( لە ڕاستیدا جولەكەو گاور سەروڕیشیان ڕەنگ ناكەن، بۆیە ئێوە پێچەوانەی ئەوان بكەن )، پاشان ئیمامی ( قُرطُبي )دەڵێت: بەڵام ئەم ڕەنگ كردنەی كە فەرمانی پێكراوە ڕەنگی ڕەش ناگرێتەوە، لە بەر ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر(ﷺ)كە دەفەرموێت: ( واجْتَنِبوا السّوادَ)(٢٥) واتا ( بەڵام توخنی ڕەنگی ڕەش نەكەون) والله أعلم.

هەروەها دەڵێت: لەو فەرمودەیەدا كە دەفەرموێت: (واجْتَنِبوا السّوادَ) فەرمانی كردووە بە دور كەوتنەوە لە ڕەشكردنەوەی موی سپی سەروڕیش، وە كۆمەڵێكیش بەكارهێنانی ڕەنگی ڕەشیان بەباش نەزانیوە، وەك ( عَلي كوڕی أبوطالِب رضي الله عنه) و ئیمامی ( مالِك ) ئەمەش لێكدانەوەیەكی ئاشكرای ئەم فەرمودەیەیە، وە بەوەش لێك دراوەتەوە كە تەنها ئەو خراپەیەی تیایە ڕەشكردنەوەی وەكو فێڵێك وایە لە ئافرەتان، یان ڕەش كردنەوەی ڕوخسارە كە خوازراو نییە چونكە خۆ چواندنە بە ڕەنگ و ڕوی خەڵكی ناو دۆزەخ كە ڕویان ڕەشە ( ٢٦).

پاشان ئیمامی (قُرطُبي ) باسی هەندێك لە پێشینەكانی كردووە كە سەروڕیشیان ڕەش كردۆتەوە و گوتویەتی، وە نازانم كە بەهانەی ئەو كەسانە

چیە؟ بۆ ڕەت كردنەوەی ئەو فەرمودەیەی كە پێغەمبەر(ﷺ)بە (أبو قُحافة)ی گوت ڕەنگی ڕیشی بگۆڕن بەڵام بە ڕەش نا، وە كەمترین حوكمی ئەو فەرمودەیە ئەوەیە كە بەكارهێنانی ڕەنگی ڕەش( كراهة )ی هەیە وەك ئیمامی (مالِك) وا بۆی چووە.(٢٧).

دەڵێم: بەهانەی ئەو كەسانە لە پێشینان كە ڕەنگی ڕەشیان بەكارهێناوە، وا لێكدەدرێتەوە كە ئەو فەرمودەیەیان پێ نەگەیشتبێت كە بەڕاشكاوی ڕەشكردنەوەی سەروڕیش حەرام دەكات، خواش زانا ترینە، ئیمامی (نَوَوي) ڕەحمەتی خوای لێبێت، دەڵێت: ( مەزهەبی ئێمە **"واتا مەزهەبی ئیمامی شافعی"**، دەربارەی ڕەنگ كردنی موی سی سەروڕیش ئەوەیە كە (مُسْتَحَب)ـە، بۆ ژن و بۆ پیاویش، بە ڕەنگی زەرد یان سور، وە حەرامە كە ڕەنگی ڕەش بكرێت، بە گوێرەی ڕاسترین بۆچوون ) (٢٨).

ئەم گوتەیەی ئیمامی ( نَوَوي ) و ئەو زانایانەی كە وەك ئەو ڕەنگ كردنی سەروڕیش بە ڕەنگی ڕەش بە حەرام دەزانن، ئەم بەڵگانەیە:

١٤ – لە ( ابنُ عباس )ەوە ﷺ، گوتویەتی كە پێغەمبەر(ﷺ)فەرموی: (يَكُونُ قَوْمٌ يَخْضِبُونَ فِي آخِرِ الزَّمَانِ بِالسَّوَادِ كَحَوَاصِلِ الْحَمَامِ لاَ يَرِيحُونَ رَائِحَةَ الْجَنَّةِ) (٢٩).

واتا ( كۆمەڵێك لە ئوممەتەكەم لە ئاخرزەماندا سەروڕیشیان ڕەش دەكەنەوە وەك جەرگ ودڵی كۆتر، لەبەر ئەوكارەیان بۆنی بەهەشت ناكەن).

وە گوێم لە(سماحة العلامة الإمام عبد العزيز بن عبد الله بن باز) بوو، ڕەحمەتی خوای لێبێت، دەیگوت، ئەم فەرمودەیە سەنەدەکەی باشە (إِسنادُهُ جَيّد)، وە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە حەرامە سەروڕیش ڕەش بکرێتەوە، وە دەچێتە ڕیزی تاوانە گەورەکانیشەوە ( الكَبائِر ) چونکە ئەو هەڕەشەیەی لەسەرە(٣٠)، وە کە پێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێت: (كَحَوَاصِلِ الْحَمَامِ) بە مانای سنگی زۆرینەی کۆتر دێت، چونکە هەندێك کۆتر هەیە کە سنگیان ڕەش نییە(٣١)، وە هەر بەوەدا دیارە کە سەرو ڕیش ڕەش کردنەوە ناشرین و نەشیاوە بۆ پیاو، هەندێك لە پێشینان کە سەروڕیشیان ڕەش کردۆتەوە، گوتویانە:

نُسَوِّدُ أعلاها وتَأبى أُصُولُها

ولا خَيرَ في الأعلى إِذا فَسَدَ الأصلُ (٣٢)

**سەرەوەی ڕەش دەکەین و بنەچەکەی وانییە**

**کە بنەچەی خراپ بوو سەرۆی خێری تیانییە**

وە ئیمام (اِبْنُ القَيّم) ڕەحمەتی خوای لێبێت، گوتویەتی: لە ڕاستیدا ئەو فەرمودانەی لەوبارەیەوە هاتوون بە هیچ شێوەیەك جیاوازییان لە نێواندا نییە، وە ئەوەی کە پێغەمبەر(ﷺ)دەربارەی موی سپی نەهی لێکردووە دوو شتە: **یەکەم** هەڵکێشانی، **دووەم** ڕەنگ کردنی بە ڕەنگی ڕەش، وە ئەوەی کە پێغەمبەر

(ﷺ) ڕێی پێداوە ڕەنگ كردنێتی بە هەر ڕەنگێك جگە لە ڕەش، وەك خەنەتێگرتن و زەرد كردنی، ئەمەش ئەو ڕاستیەیە كە هاوەڵان كردەوەیان پێكردووە ڕەزای خوایان لەسەربێت، وە ڕەنگ كردنی مووی سپی بە ڕەنگی ڕەش كۆمەڵێك لە زانایان بە خراپیان زانیوە، كە بێگومان ڕاست ترین بۆچونە بەپێی ئەو بەڵگانەی كە لەسەرەوە باسكران.

وە بە ئیمامی (أحمد) گوتراوە ئایا ڕەشكردنەوەی سەروڕیشت پێ خراپە؟ ئەویش گوتویەتی ئەریّ وَاللّٰه ، ئەمەش یەكێكە لەو شتانەی كە ئیمامی (أحمد ) سوێندی لەسەر خواردووە... وە هەندێك ڕێیان پێداوە، وەك هاوەڵەكانی ئیمامی(أبو حَنيفة) وە ئەمەش لە(حَسن) و (حُسين) و ( سَعد ی كوڕی أبو وَقاص ) و ( عَبد الله ی كوڕی جَعفر ) و ( عَقَبة ی كوڕی عَامر ) گێڕدراوەتەوە، هەرچەندە سەنەدەكەیشیان جێگەی تێڕامانە، خۆ ئەگەر سەنەدەكانیشیان ڕاست بێت، قسەی هیچ كەسێك ناخوات كە فەرمودەی پێغەمبەرمان(ﷺ)پێ گەیشتبێت، چونكە پێویستە شوێن سوننەتی پێغەمبەرمان بكەوین(ﷺ)، نەك خەڵكی تر، ئیتر كەسێك پێچەوانەی ئەوی كردبێت یان گوتبێت هەركەسێك بێت نابێت شوێنی بكەوین."(٣٣).

**ئەمەش پوختەی ئەو فەرمودانەیە کە دەربارەی موی سپی و ڕەنگ کردنی هاتوون:**

أ- موی سپی نوری موسوڵمانە لە دنیاو ئاخیرەتدا.

ب- قەدەغە کردنی هەڵكێشانی مووی سپی لە لایەن پێغەمبەرەوە(ﷺ).

ج- سپی بونی موو دەبێتە مایەی زیاد بونی چاکە.

د- موی سپی پلەی خاوەنەکەی بەرز دەکاتەوە.

هـ- وە دەبێتە مایەی سڕینەوەی تاوان.

و- ڕەش کردنەوەی موی سپی حەرامە.

ز- ڕەنگ کردنی بە خەنە یان بە ڕەنگی زەرد، یان بە خەنەو کەتەم، سوننەتێکی موئەککەدەیە.

ح- خەنە ڕەنگی سورە، خەنەو کەتەم بەیەکەوە ڕەنگیان سورێکی ڕەشباوی قاوەییە، نەك ڕەش.

ط- قسەی هیچ کەس وەرناگیرێت ئەگەر پێچەوانەی گوتەی پێغەمبەری خوابێت(ﷺ).

**ي- سپی بونی سەروڕیش چەند هۆكارێكی تری هەیە جگە لە پیری، لەوانەیە زوتر مووسپی ببێت لە ترسی خوای گەورە یان لەبەر هۆكاری تر.**

**١٥- وه لـه( إبنُ عَبّاس ) ەوەﷺ، گوتویـەتی، ( أَبو بَكرﷺ) گـوتی، ئـەی پێغەمبـەری خـوا تـۆش پـیر بوویـت! پێغەمبـەریش (ﷺ) فـەرمووی:** (شَيَّبَتْنِي هُودٌ وَالْوَاقِعَةُ وَالْمُرْسَلَاتُ وَعَمَّ يَتَسَاءَلُونَ وَإِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ)(٣٤).

**واتا:(ئەم سورەتانە پیریان كردم :** هود و واقعة و مُرسلات و عَمّ يَتَساءلون و إذا الشمس كُوِّرَت).

**١٦ — وه لـه(** أبو جُحَيفة **)ەوەﷺ ، گوتویـەتی : گوتیـان ئـەی پێغەمبـەری خـواﷺ دەتبیـنین تـۆش پیربویـت، پێغەمبـەریش(ﷺ)فـەرموی:(** شَيَّبَتْنِي هُودٌ وأَخَوَاتُهَا)(٣٥).

**واتا ( سورەتی هود و هاوشێوەكانی پیریان كردم ) .**

والله عز وجل الموفق للصواب.

تمّ الكتاب ولله الحمد.

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

# پەراوێزەکان

(١) **الترمذي**، كتاب الأدب، باب ما جاء في النهي عن نتف الشيب (١٢٥/٥)، برقم (٢٨٢١)، وابن ماجه، كتاب الأدب، باب نتف الشيب (١٢٢٦/٢)، برقم (٣٧٢١)، وأحمد في المسند (١٧٩/٢، ٢٠٧، ٢١٠، ٢١٢)، وصححه الألباني في صحيح سنن الترمذي (٣٦٩/٢)، وفي سلسلة الأحاديث الصحيحة برقم (١٢٤٣).

(٢) **الترمذي**، كتاب فضائل الجهاد، باب ما جاء في فضل من شاب شيبة في سبيل الله (١٧٢/٤) برقم (١٦٣٤)، والنسائي، في كتاب الزينة، باب النهي عن نتف الشيب (١٣٦/٨) برقم (٥٠٦٨)، وابن حبان في صحيحه، عن عمر بن الخطاب رضي الله عنه (٢٥١/٧) برقم (٢٩٨٣)، وأبو داود بنحوه، عن عمرو بن شعيب عن أبيه عن جده، في كتاب الترجل، بابٌ في نتف الشيب (٨٥/٤) برقم (٤٢٠٢)، وأحمد في المسند (٤١٣/٤، ٢٣٦)، (٢٠/٦)، وصححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة (٢٤٨/٣) برقم (١٢٤٤)، وفي صحيح سنن الترمذي (١٢٦/٢).

(٣) **الترمذي**، كتاب فضائل الجهاد، باب ما جاء في فضل من شاب شيبة في سبيل الله (١٧٢/٤) برقم (١٦٣٥)، وقال: "هذا حديث حسن صحيح"، وأخرجه ابن حبان من حديث أبي نجيح السلمي، (٢٥٢/٧) برقم (٢٩٨٤).

(٤) **البيهقي** في شعب الإيمان (٢٠٥/٥) برقم (٦٣٨٧)، وحسنه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة برقم (١٢٤٣). ورواه أبو داود بنحوه، في كتاب الترجل، باب في نتف الشيب (٨٥/٤) برقم (٤٢٠٢).

(٥) **ابن حبان** في صحيحه (٢٥٣/٧) برقم (٢٩٨٥)، وحسن إسناده شعيب الأرنؤوط، وحسنه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، (٢٤٧/٣) برقم (١٢٤٣).

(٦) انظر: شرح الطيبي على مشكاة المصابيح (٢٩٣٤/٩).

(٧) انظر: فيض القدير شرح الجامع الصغير، للمناوي (١٥٦/٦)، وتحفة الأحوذي، للمباركفوري (٢٦١/٥).

(٨) انظر: المرجع السابق (١٥٧/٦).

(٩) انظر: مرقاة المفاتيح، للملا علي القاري (٢٣٥/٨).

(١٠) انظر: تحفة الأحوذي شرح سنن الترمذي، للمباركفوري (٢٦١/٥).

(١١) **مسلم**، كتاب اللباس والزينة، باب استحباب خضاب الشيب بصفرة أو حمرة وتحريمه بالسواد (١٦٦٣/٣) برقم (٤٢١٢).

(١٢) المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم، للقرطبي (٤١٨/٥).

(١٣) المرجع السابق (٤١٨/٥)، وسمعت العلامة عبد العزيز بن باز حفظه الله أثناء شرحه لحديث رقم (٥٠٧٣) من سنن النسائي في ١٤١٨/٨/٢١هـ يقول: "الخضاب سنة مؤكدة وليس واجبًا".

(١٤) المرجع السابق (٤١٨/٥).

(١٥) **النسائي**، في كتاب الزينة، باب الخضاب بالحناء والكتم (١٤٠/٨) برقم (٥٠٨٣)، وأبو داود، كتاب الترجل، باب في الخضاب (٨٦/٤) برقم (٤٢٠٦) وصححه الألباني في صحيح النسائي (١٠٤٤/٣).

(١٦) **النسائي**، كتاب الزينة، باب الخضاب بالحناء والكتم (١٤٠/٨) برقم (٥٠٨٤)، وأبو داود في كتاب الترجل، باب في الخضاب (٨٦/٤) برقم (٤٢٠٨)، وصححه الألباني في صحيح النسائي (١٠٤٤/٣)، وفي مختصر الشمائل المحمدية ص(٤٠-٤١)، برقم (٣٦-٣٧).

(١٧)**النسائي**، كتاب الزينة، باب الخضاب بالصفرة (١٤٠/٨) برقم (١٠٨٥)، وصححه الألباني، في صحيح سنن النسائي (١٠٤٤/٣).

(١٨)**النسائي**، كتاب الزينة، باب الخضاب بالحناء والكتم (١٣٩/٨) برقم (٥٠٧٧-٥٠٨٠)، ومن حديث عبد الله بن بريدة رضي الله عنه، برقم (٥٠٨١-٥٠٨٢)، وأخرجه أبو داود، كتاب الترجل، باب "في الخضاب" (٨٥/٤) برقم (٤٢٠٥).

(١٩)**أبو داود**، كتاب الترجل، باب ما جاء في خضاب الصفرة (٨٦/٤) برقم (٤٢١١)، وقال العلامة الألباني في تحقيقه لمشكاة المصابيح: "وإسناده جيد" (١٢٦٦/٢).

(٢٠)**النسائي**، كتاب الزينة، باب تصفير اللحية بالورس والزعفران (١٨٦/٨) برقم (٥٢٤٤)، وأبو داود، كتاب الترجل، باب ما جاء في خضاب الصفرة (٨٦/٤) برقم (٤٢١٠)، وصححه الألباني في صحيح سنن النسائي (١٠٦٥/٣) برقم (٤٨٣٩)، وصحيح سنن أبي داود (٧٩٢/٢).

(٢١)سمعته من سماحته، يوم الأحد بعد المغرب، بتاريخ ١٠/١١/١٤١٨هـ، في جامع الأميرة سارة أثناء شرحه لحديث رقم (٥٢٤٤) من سنن النسائي.

(٢٢)سمعته من سماحته أثناء شرحه لحديث رقم (٥٠٨٥) من سنن النسائي في المكان السابق، بتاريخ ٢٤/٨/١٤١٨هـ.

(٢٣)المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم (٤٢٠/٥).

(٢٤)**متفق عليه** من حديث أبي هريرة رضي الله عنه: **البخاري**، كتاب أحاديث الأنبياء، باب ما ذكر عن بني إسرائيل (١٧٥/٤)، برقم (٣٤٦٢)، و**مسلم**، كتاب اللباس والزينة، باب في مخالفة اليهود في الصبغ (١٦٦٣/٣) برقم (٢١٠٣).

(٢٥)المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم (٤٢٠/٥).

(٢٦)المرجع السابق (٤١٩/٥).

(٢٧)المرجع السابق (٤١٩/٥).

(٢٨)شرح النووي على صحيح مسلم (٣٢٥/١٤).

(٢٩)**أبو داود**، كتاب الترجل، باب ما جاء في خضاب السواد (٨٧/٤) برقم (٤٢١٢)، والنسائي في كتاب الزينة، باب النهي عن الخضاب بالسواد (١٣٨/٨) برقم (٥٠٧٥)، وأحمد في المسند (٢٧٣/١)، وقال ابن حجر في فتح الباري (٤٩٩/٦): "إسناده قوي"، وصحح إسناده العلامة الألباني في غاية المرام في تخريج أحاديث الحلال والحرام، وقال: على شرط الشيخين ص٨٤.

(٣٠)سمعته منه أثناء شرحه لحديث رقم (٥٠٧٥)، من سنن النسائي، في جامع الأميرة سارة بالبديعة، بعد مغرب يوم الأحد الموافق ٢١/٨/١٤١٨هـ.

(٣١)انظر: شرح الطيبي على مشكاة المصابيح (٢٩٣٣/٩)، ومرقاة المفاتيح، للملا علي القاري (٢٣٢/٨).

(٣٢)شرح مشكل الآثار، للطحاوي (٣١٤/٩).

(٣٣)تهذيب ابن القيم المطبوع مع معالم السنن للخطابي (١٠٤/٦)، وانظر: غذاء الألباب لشرح منظومة الآداب، للشيخ محمد السفاريني (٤١٥/١-٤٢٠ و٤٢١-٤٢٨).

(٣٤)**الترمذي**، كتاب تفسير القرآن، باب ومن سورة الواقعة (٤٠٢/٥) برقم (٣٢٩٧)، وحسنه، وصححه الألباني مختصر شمائل الترمذي، ص٤٠، برقم ٣٤.

(٣٥) **الترمذي** في الشمائل، وصححه الألباني في مختصر الشمائل، ص٤٠، برقم ٣٥.

صلى الله عليه وسلم